ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-5-2007 14:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تیرۆر ڕوو لە کوردستانە ... کاوە ئەمین

چەند مانگێگە تیرۆریستان کەوتوونەتەوە جموجوڵ بۆ تێکدانی ئەو ئارامییەی کە باڵی بەسەر ئەو



بەشەی باشووری کوردستان، کێشاوە، کە لەژێر دەستەڵاتی حکوومەتی "هەرێم" دایە. تیرۆریستان کە لە گرووپە توندرەوە ئیسلامییەکان و کۆنە بەعسییەکان پێکهاتوون، هەردووک لایان لەژێر بانگاشەی عەرەبایەتی و توانەوە و نکۆڵی کردن لە نەتەوەی کورد، کلکیان لەگەڵ یەک گرێداوە. کوشتن و شاربەدەر کردنی کوردەکانی موسڵ و دەوروبەری لە دوای ڕوخانی ڕێژیمی بەعسەوە بەشێوەیەکی سیستەماتیک، درێژەدانە بە سیاسەتی بەعەرەب کردنی سەردەمی بەعس. کوشتنی کوردانی ئێزیدی و هەوڵدان بۆ ئاژاوە نانەوە لە نێوان کوردانی ئێزیدی و موسڵماندا پلانێکی کۆنی داگیرکەرانە بۆ بە کوشتدانی کورد بە دەستی یەکتری، دەنا کەی تیرۆریستانی عەرەبی بەناو موسڵمان هێندە مرۆڤ پەروەربوون کە لەسەر کوشتنی کچە ئێزیدییەک بەدەنگ بێن و لە کاتێکدا بۆخۆیان بە دەیان و سەدان کچ و ژنیان زیندە بەچاڵ کردووە و دەکەن؟ دەبێت ئەو وەحشیانەی کە زیاتر لە بیست کرێکاری هەژاری کوردی ئێزیدیان بە دڕندانەترین شێوە کوشت و پاشانیش بە ڤیدیۆ وێنەیان گرتووە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاویان کردۆتەوە، چ جانەوەرێک بن، ئەو جۆرە تاوانانە رق و کینەی دەیان ساڵ پەرەوەردەکردنی بەعسییەکانی لە پشتەوەیە. مرۆڤە دڕندەکان لە هەر شوێنێک بن هەمان مێشک و هەمان دێوجامەیان لە خۆیانەوە پێچاوە، لە کاتی هەمان ئایدۆلۆژیای نامرۆڤانەوە ئاو دەخۆنەوە. ئاخر سپیی پێستەکانی ئەفریقای باشووریش هەمان رەفتاریان لەگەڵ ڕەش پێستەکاندا دەکرد، دەیان جار دوای کوشتنی خەباتگێرەکانی کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفریقا (ئەو ڕێکخراوەی نیلسۆن ماندێلا سەرۆکی بوو)، لاشەکانیان دەسوتاندن و لەهەمان جێگاو هەمانکاتیش خەریکی گۆشت برژاندن و خواردنەوە و کەیف و رابوردن بوون، واتە لە لایەک لاشەی مرۆڤیان دەسوتاند و لەلایەک گۆشتی ئاژەڵیان دەبرژاند، ئەمانە هەموو لەو ڕاپۆرتەی کە لە لایەن کۆمیسیۆنی لێکۆلینەوە لەو تاوانەنەی کە لە سەردەمی ئاپارتاید لە باشووری ئەفریقادا کرابوون، تیشکیان خراوەتە سەر و تاوانبارەکان بە ڕەش و سپیانەوە ددان بە تاوانەکانیان دەنێن بەو مەرجەی کە بەر لێبوردنی نەتەوەی ئەو وڵاتە بکەون. بەڵام ئەوە چوار ساڵ بەسەر ڕوخانی ڕێژیمی بەعسدا رۆیشتووە جگە لەو چەند کەسەی کە لە سێدارە دران، هەموو تاوانبارەکانی تر وەک بەرەزەکی بانان بۆی دەرچوون، نەک راپێچی دادگا نەکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ نەکراوە بەڵکو کەسێکی وەکو نزار خەزرەجی بەسەر پشتی کوردا بازی دا بۆ ئەوروپا، کاتێکیش خەڵکانی نیشتیمانپەرەوەر ویستان پەلکێشی دادگای بکەن، پارتە کوردییەکان خۆیان کردە پارێزەری و ڕەنگە هەر ئەوانیش هاوکاریان کردبێت بۆ خۆشاردنەوەی.

ئێستاش کە تیرۆریستان بەردەمی ماڵی کوردیان گرتووە دەبێت بەهەموو شێوەیەک ڕووبەڕویان ببینەوە، بە تایبەتی دەبێت هاووڵاتیانی کوردستان هۆشیار بکرێنەوە و هەموو تاکێکی کورد بە ئەرکێکی ئەخلاقی و ویژدانی خۆی بزانێت و هاوکاری هێزەکانی ئاسایشی کوردستان بکەن بۆ دۆزینەوەی تیرۆریستان، نابێت هاووڵاتیانی کورد کە بەدەست گەندەڵیی دەستەڵتدارانەوە دەناڵێنن بۆ چرکەیەکشی بیر لە تیرۆرسیستان بکەنەوە وەکو ئەڵتەرناتیڤێک، چونکە ژیان لەگەڵ ئەو جانەوەرانەدا هیچ مانایەکی نییە، ئەوانە تەنها بە وشەی قەتڵ و سەربڕین و شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ گۆش کراون.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-5-2007 14:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

حکوومەتی "هەرێمی" کوردستانیش ئەگەر پاکسازی گەندەڵکاران نەکات، جا لە سیاسییەوە تا ئەوانەی لە دائیرەکاندا کاردەکەن تەنانەت هوونەرمەندە گەندەڵ و ماستاوچییەکانی کە بەشەو بەڕۆژ بە باڵای گەندەڵکاراندا هەڵدەدەن، ناتوانن متمانەی خەڵک بۆ لای خۆیان بگێڕنەوە و تیرۆریستان کەڵک لە بێزاربوونی خەڵک وەردەگرن بە سوودی خۆیان. هەژاری و ناعەدالەتی و بێکاری سەرچاوەی هێز و شوێنێکی لەباری گەرا دانانی تیرۆریستانە، چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەو سێ دیاردەیە، وشککردنی رەگی ژیانی تیرۆریستانە.

تێبینی: ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی (میدیا) ی ٥/٢٢ دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.